# تاڵەبانی بۆ بەرزان تکریتی دەپاڕێتەوە و دەلاڵێتەوە ... لەیلا مۆریاسی

بە پێی هەواڵێک کە لە سایتەی پەیامنێردا خوێندمەوە و لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بینیم و بسیتم، تاڵەبانی سکرتێری یەکێتی نیشتمانی لە پاڕانەوە (نامە) یەکیدا بۆ سەرۆک وەزیرانی عێراق نووسیویەتی و تکای لیدەکات، تا بەرزان تکریتی برای سەددامی دیکتاتۆر بەربدات، بەوەی گوایە نەخۆشە!!

لێرەدا سەرنج لەوەیە، کە ئەم پاڕانەوەو لالانەوەیەی تاڵەبانی بۆ کۆنە بەرێوەبەری دەزگای سیخوڕی (مخابرات) ی عێراقی، تەنهاو تەنها لەسەر بنەمای نامەیە کی ناوبراوە، کە ناردویەتی.

ئەنجا ئەگەر هەر کەسێک کە بەدرێژایی ژیانی بەعس تاوانی کردبێت و بە تەنها نامەیەک ئازاد بکرێت، ئەی ئیتر کوا دادگا، کوا یاسا، کوا سەروەری یاسا، کوا مافی شەهید، کوا ئەنفال و کیمیاباران!!؟ئەگەر ئازاد کردن هێندە ئاسان بێت، ئەی بۆچی سەددام و عەلی کیمیایش نامە نانووسن؟ کە تالەبانی هێندە دڵی گەوەرە بێت، وەڵڵا زۆر ئاساییە لەلای کە ئەوانێش ئازاد ببن. ئەی هەر ئەو نەبوو، کە کار ئاسانی بۆ بینینی سەددام و خێزانەکەی لە سلێمانی ساز کرد.

تاڵەبانی خۆی بە پارێزەر لە قەڵەم دەدات، کەچی کەس هێندەی ئەو یاسا بێ ڕێز ناکات و سوکایەتی بە یاسا نەکات. خۆ هەمووی پێش چەند ڕۆژێک لەمەوبەر بوو، کە بەرزان لەبەردەم دادگادا بوو. دادگا هێشتا حوکمی بەسەردا نەداوە، تاڵەبانی دەپاڕێتەوە تا ئازاد بکرێت. ئەی ئەگەر ئەمە سوکایەتی کردن بە یاسا و دادگا نەبەێت، ئەبێت چی ناوبنرێت؟ تاڵەبانی لە پاڕنەوەکەیدا بۆ بەرزان تکریتی دەڵێت، هاووڵاتی و پێی حەیفە بە تاوانبار ناوی بنێت. . ئاخر تاڵەبانی!! چۆن کەسێک، ڕێڕەوەی دادگایی کردنەکەی هێشتا تەواو نەبووبێت، تۆ سیفەتی تاوانباری لێدادەماڵیت و دەیکەیتە هاووڵاتی؟؟ بەکام یاساو وژدان؟ بنەمایەک هەیە دەڵێت (تاوانبار تاکاتی تاوان بەسەرا سەپاندنی بێتاوانە) . . لەم بنەمایەدا نەووتراوە، هاووڵاتی، بەڵکە ووتراوە تاوانبار، واتە، هەرکەسێک کە بە تاوانێک دەچێتە بەردەم دادگای سزایی (جزائی) ئیتر بە تاوانبار ناودەبرێت تا ئازاد دەکرێت (ئەگەر هیچی بەسەردا نەسەپا) . کەچی تاڵەبانی بە حساب پارێزەر، بە بەرزانی تاوانبار دەڵێت هەووڵاتی!!!

ونقل بيان عن طالباني قوله "نناشد دولة رئيس الوزراء لاستعمال صلاحياته لاخراج المواطن برزان التكريتي من السجن وادخاله مستشفى للمعالجة من السرطان". واضاف ان "العراق الجديد هو عراق تسامح انساني وتعاطف مع المرضى والمحتاجين، هو عراق ديمقراطي يضمن لجميع مواطنيه حقوق الحماية الصحية والمعالجة الطبية" .

تاڵەبانی درێژە بەپاڕانەوەکەی دەدات و دەڵێت:

واعرب طالباني في البيان عن تعاطفه مع نداء برزان التكريتي "من منطق انساني وحقوق الانسان التي تقر حق المعالجة الطبية لكل انسان وكذلك بحكم العلاقات التاريخية التي ربطت بين عائلتيهما واحتراما لصداقته الشخصية معه فترة من الزمن".

من لێردا لەهەموو کەسێکی بەویژدان دەپرسم، کەئاخۆ کەی تاڵەبانی کاتی ئەوەی هەبووە، کەلەگەڵ بەرزاندا پەیوەندی و دۆستایەتی هەبوبێت. تاڵەبانییەک، کەبەدرێژی ژیانی لە شاخ و لەناو شۆڕشدا بووبێت، ئەبێت، کەی توانیبێتی لە گەڵ بەرزاندا برادەرایەتی بکات.. دیاری تاڵەبانی مەبەستی لەساڵانی جاشایەتی 66 بێت، ، ئەگەر وابێت، ئەوا مەعزەرەت دەخوازم تاڵەبانی. بیری ئەوەم نەبوو، کەجەنابتان ئەو مێژووی پڕ سەرورەریەتان هەیەو نەک تەنها ساڵانی 66 دژایەتی شۆڕشتان کردووە، بەڵکە دۆستایەتی بەهێزتان لەگەڵ کاربەدستانی ئەوسای بەعستا پەیدا کردووو. پاشان دەڵێت، بەحوکمی ئەو پویوەندییە خێزانییە توندوتۆڵەی نێوانیان. دیاری تاڵەبانی بەوەفایە بۆ ئەو پەیوەندییە. چونکە ڕاست دەکات، تا ئێستا کەسێکی پلە نزیک لە خێزان و کەسو کاری تاڵەبانی شەقازلەیەکی بەعسیان نەخواردووە. کاتی خۆی کەس و کاری پێشمەرگەیەکی داماو دەگیران و لە کونجی بەندیخانە توونڈ دەکران و ئازار دەدران. کەچی باوکی تاڵەبانی لە کەرکوکدا پیاسەی دەکرد و کەسێک پێی نەدەگوت، بەری چاوی کلی پێوەیە، لەکاتێکدا کە کورەکەی نەک هەر پێشمەرگە بەڵکە سکرتێری یەکیەتی بوو. دیاەر تاڵەبانی ئەو پیاوەتییەی لەبەر چاوەو کوردیش ووتوویەتی شایی و شین دەستەواوە..

تاڵەبانی بەم پاڕانەوەیەی بۆ بەرزان تکریتی هێندەی تر سوکایەتی بە کورد و خوێنی شەهیدان کرد. تاڵەبانی خۆی لەوە گێل دەکات، کە لەسەر دەستی بەرزاندا و لە ساڵی 1984 بەدواوە، ئەوکاتەی بەرزان بەڕێوەبەری مخابرات بوو، کەلەدوای مفاوەزاتە جوانەکەی تاڵەبانی لەگەڵ سەددامی برایدا، چی بە کورد کراو چۆن سەرەتای هەڵمەتی ئەنفال دەستی پێکردوو هەڵمەتی خاپورکردنی گوندو دارو بەردی کوردستان دەستی پێکرد.
ئەوەتا تالەبانی هەموو ئەوانە لەبیر دەکات و ناوی بە هاووڵاتی دەبات.
تاڵەبانی ئەگەر مەبەستی مرۆیی هەیەو دەیەوێت تاوانبار چارەسەر بکرێت، ئەوا کەس ڕیگەی لێنەگرتووە، دەیتوانی بڵێت، با چارەسەر بکرێت، نەک بپاڕێتەوە بۆئەوەی بە یەکجاری و بەبێ هیچ حسابێک ئازاد بکرێت.

ئەم کارەی تاڵەبانی سەرەتای پلانێکی گەورەیە، بۆ ئەوەی بەرزان بەربێت و لەدەروە ببێتە قسی کەری ڕەسمی سەددام و ڕژێمە ڕوخاوەکەی، هاوکات ببێتە سەرپەرشتی کەری تیرۆرستان وتا زیاتر فشار بخەنە سەر ئەمریکا و پێی بڵین، گەر سەددام ئازاد بکرێت، ئەوا گەرنتی (سەنەد) دەبێت بۆ ئەمەریکا تا چیتر تیرۆری لە دژ نەکرێت. بە واتایەکی دی ئەمە سەرەتای پلانەکەیە و ڕێخۆشکردنە بۆ بەردانی سەددام.

ئەگەر کار تەنها بە نامە نووسینێک بێت، ئەوە سبەینێ زووتر نییە تاریق عەزیشیش نامە یەک دەنووسێت بۆ پاپای ڤاتیکان و داوا دەکات ئازاد بکرێ، چونکە نە خۆشە، ، بە واتایەکی دی، تاڵەبانی بەم کارەی کار ئاسانی کردو ڕێگەی ڕاستی پیشانی هەموو دا تا ڕزگار ببن.

من بەش بە حاڵی خۆم، لە ئەمڕۆ بەدواوە، دڵنیام لەوەی کە سەددام و دارو دەستە نزیکەکەی ئازاد دەبن و کەسیان لە سێدارە نادرێن. . پاشەڕۆژ ڕاستی دەردەخات.

دەڵێن تاڵەبانی لەسەردانەکەیدا بۆ لای ج. بوش و تۆنی بلێر تکای کردووە. کە کچەکانی سەددام لە بەریتانیا پەنەهاندەیی وەربگرن، چونکە بەو کارە تیرۆر لە دژی ئەمریکاو بەریتانیا کەم دەبێتەوە. دیارە ئەو کارەی تاڵەبانی هەروا بە بێ بەرامبەر نەبووە و نابێت.

تالەبانی باس لە لێبوردووی و ویژدان دەکات. . من دەپرسم، ئەرێ ویژدانی تەڵەبانی لەکویا بوو، ئەو کاتانەی بە سەدان کوڕی خەڵکیان بەناوی شەڕی براکوژییەوە کوشت. ئەرێ لە شەڕەکانی بەرەی جود و پشت ئاشان و ئیسلامییەکاندا، ئەو ویژدانە پەشمەکییەی تاڵەبانی لە کویا بوو؟
ئەرێ تاڵەبانی، گەر هێندە ویژدانی پەشمەکییە، ئەوە بۆچی پاش 11 ساڵ شەڕی براکوژیت، لەگەڵ پارتی، تائێستاش ئاوارەکانی هەولیر و سلێمانی نەگەڕاونەتەوە سەر ماڵو حاڵی خۆیان؟؟
تۆ ویژدانت بۆ دوژمنان پەشمەکەو بۆ کورد بەردی ڕەق. .

کاتی خۆی لە شاخ دەیان و بگرە سەداها کەستان کوشت، بەوەی تەنها (جیش شعبی یان اتحادی) بوون، کەچی ئێستا خۆتت لێبووەتە کوڕی عیساو دەتەوێت تاوانبارێکی وەک بەرزان تکریتی بکەیتە هاووڵاتی و ئازادی بکەیت!!
تکام لەسەرجەم ڕۆشنبیران، ڕۆژنامەنووسان، کاسبکاران، قوتابیان، هەرکەسێکی بە ویژدان هەیە، کەئەم کارە نالەبارەی تاڵەبانی ڕیسوا بکەن و لێی بێدەنگ نەبن، چونکە ئەمە سەرەتای پلانی ڕزگار کردنەی سەددامە. چونکە من لەمڕۆوە دڵنیام لەوەی کە نەسەددام و نەکەس لە دار و دەستە نزیکەکەی لە سێدارە نادرێن و ڕۆژگارێک دێن هەموو ئازاد دەکرێن و لای جەماوەر دەڵێن، هێشتا لە بەندیخانەدان. . واتە خۆڵ دەکەنە چاوی جەماوەر.
ڕوورەشی و مێژووی ڕەش بۆ نۆکەرانی دووژمنان.

لەیلا مۆریاسی

ئەمە دەقی ئەو هەواڵەیە کە لە سایتەی پەیامنێردا بڵاوکراوەتەوە:

الرئيس العراقي جلال طالباني يدعو الى اخراج برزان التكريتي من السجن للعلاج من السرطان
- الوكالات: طالب الرئيس العراقي جلال طالباني اليوم الاحد من رئيس الوزراء ابراهيم الجعفري العمل على اخراج برزان التكريتي الاخ غير الشقيق للرئيس العراقي المخلوع صدام حسين من السجن وادخاله المستشفى لغرض العلاج من مرض السرطان. ونقل بيان عن طالباني قوله "نناشد دولة رئيس الوزراء لاستعمال صلاحياته لاخراج المواطن برزان التكريتي من السجن وادخاله مستشفى للمعالجة من السرطان". واضاف ان "العراق الجديد هو عراق تسامح انساني وتعاطف مع المرضى والمحتاجين، هو عراق ديمقراطي يضمن لجميع مواطنيه حقوق الحماية الصحية والمعالجة الطبية". واعرب طالباني في البيان عن تعاطفه مع نداء برزان التكريتي "من منطق انساني وحقوق

الانسان التي تقر حق المعالجة الطبية لكل انسان وكذلك بحكم العلاقات التاريخية التي ربطت بين عائلتيهما واحتراما لصداقته الشخصية معه فترة من الزمن".
وكان التكريتي المسجون في العراق قد ناشد طالباني في رسالته التي نشرتها صحيفة "الشرق الاوسط" اول امس قائلا "اناشد الرئيس (العراقي) جلال طالباني باسم الصداقة التي تربطنا (..) ان يعمل على انقاذ حياة صديق له لطالما تحمل الكثير بسبب مواقفه من اجل اخذ الحق كاملا. واناشد رئيس الوزراء (العراقي) السيد الجعفري باسم مبادىء وعدالة جدي وجده الامام علي ان يتدخل لايجاد حل لحالتي الانسانية".
واعتقل برزان التكريتي في 16 نيسان/ابريل 2003 في بغداد ومثل في 19 تشرين الاول/اكتوبر مع صدام حسين وستة من اعوانه امام محكمة عراقية بتهمة قتل حوالي 150 شيعيا في بلدة الدجيل شمال بغداد سنة 1982.